# ڕەنگدانەوەی چەند بنەمایەکی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی ( هێمن)ی موکریانی و (نادر پور)دا

(PP 166 - 182)

**پ.ی. د . جیهاد شکری رشید**
**JIHAD SHUKRI RASHID**
**زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلیژی زمان**
jihad.rashid@su.edu.krd

**م . ی . ئەڤین ئاسۆس حەمە**
**AVIN ASOS HAMA**
**زانکۆی ڕاپەرین/ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت**
avin.asos@uor.edu.krd

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**
**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.11**

پوختە:

ڕێبازی ڕۆمانسیزم ئەو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەیە، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپا سەریهەڵدا، ڕۆمانسیزم ئایدۆلۆژیایەکی نوێ بووە بۆ نەوەیەکی نوێ،کە تێیدا ڕەهەندەکانی شیعر فۆرمی نوێ وپەیامی نوێی لەخۆگرتبوو، بەجۆرێك سیمای سەردەمەکەی و شوناسی نەتەوەیی رەنگی دابۆوە . کاریگەری ئەم ڕێبازە سنووری وڵاتانی بڕی و لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسیشیدا رەنگی دایەوە. نووسەران بەپێی خاسیەت و تایبەتمەندی ئەدەبەکەی خۆیان پەیڕەوییان لێکردووە و شاکاری ئەدەبی بەرزییان خولقاندووە.. (هێمنی موکریانی و نادر پور) یەکێکن لە دیارترین ئەو شاعیرانەی قۆناغەکەی خۆیان، کە سیماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی لە دەقەکانیاندا بەدی دەکرێت و بە بیر و هەستی قوڵیان دەق گەلێکیان نووسیوە، کە بناغەی شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی و فارسییان دامەزراند. لەم توێژینەوەیەدا بە پێی(ڕێبازی وەسفی شیکاری) تیشك دەخەینە سەر بنەماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی لە شیعرەکانی هەریەکێکیاندا و بەراوردی شیعرەکانیان دەخەینە ڕوو، تا لە سۆنگەی دەقەکانیانەوە خاڵی لە یەکچوون و جیاوازیان دەربخەین .

وشە سەرەکییەکان : هێمن ، نادر پور ، ڕۆمانسیزم

## پێشەکی :

ڕێبازی ڕۆمانسیزم یەکێکە لەو ڕێبازانەی لە قۆناغی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا هاتە ئارا، هەروەها وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر ڕێبازی کلاسیزم سەریهەڵدا. شاعیرانی ئەو قۆناغە بەمەبستی گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان پەیڕەوییان لەم ڕێبازە کردووە، هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانی ، هەستی نامۆیی، وەسفی سروشت ... ت.د . بە سیما و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانتیکیانە لە چوارچێوەی شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. (هێمنی موکریانی و نادری نادر پور) یەکێکن لەو شاعیرە دیارانەی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی . کە ناوەڕۆکی ڕۆمانتیکی لەبەرهەمە شیعرییەکانیان دا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمانەش لە چوارچێوەی ریبازەکەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن. هەریەکەشیان سیما و خەسڵەتی نەتەوەی خۆیان پێوە دیارە.

## ڕێبازی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا بە پێی(ڕێبازی وەسفی شیکاری) تیشك دەخەینە سەر چەند بنەمایەکی شیعری ڕۆمانسیزمی لە شیعرەکانی هەریەکێکیاندا و تێڕوانینی هەریەکە لەو دوو شاعیرەمان دەرخستووە لەبارەی ژیان و ڕووداوەکانی ژیان و بارودۆخی سەردەم و هەستی دەروونی خۆیان،

## ئامانجی توێژینەوە

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەسەر چەند بنەما و تایبەتمەندییەک دامەزرا، کە بۆ قۆناغەکەی خۆیان شتێکی تازە و سەردەمی بوو، هەربۆیە دەرخستنی ئەو بنەماو تایبەتمەندییانە لە شیعرەکانی " هێمنی موکریانی و نادر پور"دا یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە. ئەو بنەمایانەش، کە ئێمە باسمان کردوون، بریتن لە ناوەڕۆکی شیعری ئەو شاعیرانە و زیاتر جەختمان لەسەر

لایەنی ناوەرۆک کردۆتەوە، چونکە ویستوومانە پەیام و مەبەستی ئەو شاعیرانە دەربخەین، ئەوانیش برتین لە ( شیعری نیشتیمان پەروەری و هەوڵدان بۆ سەربەستی، وسفی جوانی ، سۆزی دڵداری و خۆشەویستی، غوربەت و نامۆیی و گەڕانەوە بۆ سەردەمی رابردوو، رەشبینی و نائومێدی).

**١-١ // چەمکی رۆمانتیک :**

ئەدەب پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ کێشە جۆربەجۆرکانی کۆمەڵ. گۆرانکارییە مێژووییەکانیش فاکتەرێکی گونجاون بۆ گۆڕانکاری لە بیر و ئایدۆلۆجیا و سەرهەڵدانی بیری نوێ، جا لە بواری سیاسی یا کۆمەلایەتی یا رۆشنبیری یا ئەدەبی یا...هتر بێت. رێبازەکان بەشێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییەن، کە دەبنە دەربڕی ئیستاتیکای ئەو واقیعە، هەر بۆیە قسە کردن لەسەر ئەو رێبازە ئەدەبیانە قسەکردنە لەسەر لایەنی هونەری و ئستاتیکی و داهێنانی ئەدەبی لای پەیڕەوکەرانی هەریەک لەو رێبازانە. سەرەتای دەرکەوتن و باسکردنی هەریەکە لەو ریبازانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و شارستانییەتی یۆنانی و رۆمانییەکان. شارستانیەتی رۆژئاوا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، هەر لە سەردەمی شارستانیەتی یۆنان و رۆمانیەکانەوە، خودان داهێنانن لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دا، بەتایبەتیش لە بواری هونەر و بابەتە ئەدەبیەکاندا، چونکە بیرمەند و فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان رۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبووە لەسەر هەڵدان و گەشەکردنی ئەدەبیات و داهێنانە ئەدەبییەکاندا، هەروەها لێکۆڵینەوە و ناونانی رێبازە ئەدەبیەکانیش هەر لەلایەن خودی رۆژئاواییەکانەوە بووە، دوای گەشەکردنیشیان بە هۆکاری جۆراوجۆر بە وڵاتانی تردا بڵاوبوونەتەوە، وڵاتە جیاوازەکانیش بە پێی خاسیەت و تایبەتمەندی زمان و ئەدەبەکەی خۆیان وەریان گرتووە و گونجاندوویانە، بەجۆرێک شاکاری نەمر و بەرزیان پێ تۆمارکردووە.یەکێک لەو رێبازەدیارانە رێبازی "رۆمانسیزم"ە، کە لە هەردوو ئەدەبیاتی فارسی و کوردیدا، خودان سیما و خەسڵەتی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە میللەتانی تر.

گۆڕانکارییە مێژووییەکان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەرهەڵدان و گەشەدانی ڕیبازەئەدەبییەکان(( سەدەی " هەژدە " بە سەردەمی گۆڕانکاری گەورە دادەنرێت لە مێژووی ئەوروپا، سەدەیەکە ناودەبرێت بە سەردەمی فەلسەفە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە بەردەوام بوو تا شۆڕشی گەورەی فەرەنسا))(حەمە، ٢٠١٨،١٢٠)، ئەو گۆڕانکارییانەش خۆیان لە پێکهاتەی کۆمەلگا و بوارە جیاوازەکاندا دەبینییەوە، هەروەها ئەدەبیش رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و ئاڕاستەکردنی((لەگەل پەیدابوونی چینی بورجوازی لەسەدەی هەژدە، نووسەران خوێنەری تازەیان بۆ پەیدابوو، کە بەرهەمەکانیان دەخوێندنەوە و هیوایان پێ بوون، هەروەها بەهیوای ئەوەبوون، کە مافەکانیان لەو رێیەوە بەدەست بهێنن))( هلال، ؟، ٢٧)ئەو گۆڕانکاریانە قۆناغێکی ئەدەبی نوێی هێنایە بوون، ئەویش دەرکەوتنی رێبازی ئەدەبی "رۆمانسیزم" بوو،(( شۆڕشی فەرەنسا لە "١٧٨٩" و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانی و جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ، هاوزەمانی ئەمانەش شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان، پێش ئەمانەش ئەو بزاڤە فیکرییەی، کە بەسەردەمی " رۆشنگەری" ناسراوە لە ئەوروپای سەدەی هەژدەهەمدا کاریگەرییەکای زۆریان هەبوو بەسەر گۆڕانی ژیانی ئەوروپا و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی رۆمانسیانە و لە کۆتاییدا دامەزراندنی رێبازی رۆمانسیزم ))( پیرباڵ ،٢٠٠٩، ٥٢). دەرکەوتنی "رۆمانسیزم" تێڕوانینێکی نوێ بوو بەرامبەر ئەدەب و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ،ئەمەش دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە بوو، کە بەسەر ئەدەبیاتی کلاسیزمدا هاتبوو((رۆمانسیزم لە بنەرەت و ناوەرۆکی دا شۆڕشێک بوو بۆ ئازادکردنی ئەدەب لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و رۆمانییەکان، ئازادکردنی لە تەواوی ئەو دەستور و بنەمایانەی ئەدەبی وەک ئینجیل پیشان دەدا )) (مندور،؟؟،٥٩)، بەو پێیەی "رۆمانسیزم" دیاریدەیەکی نوێ بوو لە ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە، هەربۆیە پێڕەوکەرانیشی بە پێشەنگ دادەنران(( رۆمانتیکەکان لەسەردەمی خۆیاندا، لە بواری ئەدەبیدا بە پێشڕەوی ئەدەبێکی نوێ ناسرابوون، ئەمەش شتێکی ئاشکراو زیندوو بوو لە دنیای ئەدەبیدا مەزنی پیرۆزی ئەو نوێخوازییە دیاریدەکەیکی گونجاو بوو تیشکی دەهاویشتە ناو بیروباوەڕەفەلسەفییەکانیانەوە بەخواست و مەبەستی گەورە دەروازەی ئەو مەیدانەیان پێ دەترازان، ئەم هەنگاو هاویشتنەش سەرەتا لە شیعرەکانیاندا رەنگی دایەوە و لە دوایشدا لایەنی دیکەی ئەدەبیشی گرتەوە، وەک چیرۆک و شانۆگەری.))(ئەحمەد، ١٩٨٩، ٢٥) . "رۆمانسیزم" وەک رێبازێکی ئەدەبی لە لایەن ئەدیب و رەخنەگرانی کۆتایی سەدەی "هەژدە" سەرەتای سەدەی"نوزدە" لە فەرەنسا سەریهەڵدا (( بنەڕەتی وشەکە لە وشەی" romance " ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، کە بەواتای چیرۆکی خەیاڵی هاتووە، دواتر لەئەدەبیاتی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەدا بەو بەرهەمانە وتراوە، کە لەسەر بنەمای سۆز و خەیاڵ داڕێژراون، ئەمەش جۆرێک بووە لە بەکەم سەیرکردنی ئەو جۆرە ئەدەبە، بەڵام لەسەدەی هەژدە تێڕوانینی خەڵک گۆڕا و بە

چاوێکی ڕێزەوە سەیریان دەکرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی جۆرێک لە تێرامان لە ژیان و ورد بوونەوە لە ماناکانی جوانی و بیرێکی فەلسەفی قوڵی بەخۆوە گرت))( راغب، ١٩٧٧، ٢٤).

"ڕۆمانسیزم" وەک چەمکێکی ئەدەبی پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە؛(( وشەی ڕۆمانسیزم لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوە بۆ وەسفی ئەو چیرۆکانەی کە باسی شتی سەرسوڕهێنەر دەکەن دوور لە واقیع تێکەڵ بە دیمەنەکانی سروشت و جوانی دەبن، بە مانای ئەدەبی نوێیە و دژی یاسا و بنەماکانی کلاسیزم دێت، دەربڕی سۆز و جوانی سروشتە، هەستکردنە بە ناکۆکی و چارەسەرکردن لە ڕێگای پەیوەندی نوێوە لەگەڵ سروشت و کۆمەڵ جیهانێکی نوێ پێکدەهێنێت))(محمد، ٢٠١١، ٥٦). "ڕۆمانسیزم" لە ناواخنی دا پشت بە هەست و سۆز و ئەندێشەی داهێنەرانە دەبەستێت(( ڕەوتی فەلسەفەی ڕۆمانسیزم ڕەوتێکی عاتیفییە..ڕەوتی تاسە و دڵە، بەرامبەر یاسای عەقڵ))(میراودەلی، ١٩٧٩، ٢٦٤)، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو یاسا و بنەمایانە بوو، کە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی کلاسیک بۆ ئەدەبیان دانابوو. "ڕۆمانسیزم" ڕێبازێکی نوێ بوو دژ بە بنەما و خاسییەتەکانی ئەدەبیاتی کلاسیزم و بیری کۆنەخوازی سەری هەڵدا، دژی ئەو بنەما عەقڵییە بوو، کە سالأنێک دەستی بەسەر ئەدەبیاتدا گرتبوو، هەربۆیە بیرمەندان و نووسەرانی ئەو سەردەمە دەیانویست ئەدەب ئازاد بکەن و لە کۆت و پێوەندی یاسا و نەریتی باوی کۆمەڵ ڕزگاری بکەن، هەر لەبەر ئەمەشە نووسەرانی ئەو ڕێبازە پێناسەی جیاجیای بۆدەکەن، هەروەک " شلیگڵ" لە کتێبی" سەردەمی ئەدەبیاتی نمایشی" دا ئاماژە بەوەدەکات، کە(( ڕۆمانتیک بریتی یە لە کۆکردنەوەی دژ و ناکۆکەکان و هەروەها تێکەڵکردنی ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکان))( حسینی، ١٣٨٧، ١٧٨).

بنەما فیکرییەکانی ڕۆمانسیزم سەرەتا لە فەرەنسا چەکەرەی کرد، بەڵام وەک ڕێبازێکی ئەدەبی سەرەتا لە ئینگلتەرا دەرکەوت (( ڕۆمانسیزم لە ئینگلتەرا بەبڵاوبوونەوەی هۆنراوە لیریکیەکانی هەردوو شاعیر " وۆردز وۆرس و کۆلریدج " لەساڵی ١٧٩٨ دەست پێدەکات ))( عەبدوڵا، ٢٠٠٦، ٦٧)، لەساڵانی دواتردا بەتایبەت لەسەرەتای سەدەی نۆزدە شاعیرانی تر پەرەیان بەم جۆرە ڕێبازە دا(( لە ساڵی ١٨١٠-١٨٢٥ بەرهەمەکانی بایرۆن و شیللی ئەم ڕێبازەیان گەیاندە لوتکە))( حسێن، ٢٠٠٧، ٨٢) . هاوکاتی ئینگلتەرا لە ئەلمانیا لەسەر دەستی "برایانی شلیگڵ" ڕۆمانسیزم پەرەی سەند، لەفەرەنساش لە ژێر کاریگەری بەرهەمی شاعیرانی ئینگلیزی و ئەڵمانی گەشەی کرد، دوای ئەوەی " شاتوبریان" بەرهەمەناودارەکانی ئینگلیزی وەرگێڕایە سەرزمانی فەرەنسی و هەروەها " مادام دی ستایل" بەرهەمی ئەڵمانیەکانی وەرگێڕایە سەرزمانی فەرەنسی، بەمەش ڕێبازی ڕۆمانسیزم گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و لە دواتریشدا بە وڵاتانی تردا بڵاو بۆوە .

دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم لەسەرەتادا لە پەرچەکرداری کلاسیزم سەریهەڵدا، دواتر بنەما فکری و ئەدەبییەکانی پەرەی سەند و وەک ڕەوتێکی ئەدەبی نوێ خۆی چەسپاند، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بێبەش نەبوون لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان، لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیشدا ڕۆمانسیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی بنەما وخاسیەتەکانی لە شیعرو ئەدەبیاتی ئەو دوو میللەتەدا خۆیان بەرجەستە کردووە.لە ئەدەبیاتی فارسیدا ئەدەبیاتی ڕۆمانسیزم نوێکردنەوەی ئەدەبیات بوو لە ڕووی ناوەرۆک و فۆڕمی شیعرییەوە، کە دەربازبوون بوو لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی. (لێرە پێناسەیەک بۆ ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی فارسی بنووسرێت))

لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆمانسیزم بریتییە لە دەرچوون لەو یاسا باوانەی لە شیعری کلاسیزمیدا هەبوون، کە لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسییەوە وەریگرتبوون، هەروەها(( کاتێ باس لە ڕۆمانسیزمی کوردی دەکرێت، ئەو بزووتنەوە شیعرییە بەدیدەکرێت، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە هێڵەگشتییەکانی بۆ کێشرا))(محمد، ٢٠١١، ٧٩). ئەو نوێکردنەوەیەش سەرەتا لە ناوەرۆکی شیعرییەوە دەستی پێکرد و دواتر فۆرمی شیعری گرتەوە، بە تێپەڕبوونی کاتیش زیاتر بناغەی ئەو گۆڕانکارییانە چەسپا.

**٢-١// سەرەتایەکی مێژووی ڕۆمانسیزمی فارسی و کوردی :**

شیعری ڕۆمانسیزمی ئێرانی لەماوەی قۆناغی "مەشروتیەت "دا ڕۆمانسیزمی کۆمەڵایەتی و چەند ڕەهەندێکی تر ڕەنگ و کاریگەری زاڵتربوو، بەجۆرێک، کە باوترین ناوەرۆکی ئەو قۆناغە زیاتر خۆیان لە بابەتی ئارەزووی زۆر بۆشۆڕش و بەدیهاتنی ئازادی، هاودەردی و هیوابوون بە ئایندە و ئاسۆیەکی ڕوون دەبینیەوە. یەکەمین و دیارترین شیعری ئەو قۆناغە،کە ناوەرۆکێکی ڕۆمانسیزمیانەی لە خۆ گرتبوو، ناسرابوو بە " یاد آر ز شمع مرده یاد آر" ی "علی اکبر"ە.(( وا دادەنرێت ئەو شیعرە تایبەترین

شیعری فارسییە، کە کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی لەسەرە، نەک تەنها پێویست بوونی تازەگەری لە ئەدبیاتی ئێرانی دا بەڵکو هێماگەرییەکی قوڵ لە ناوخنیدا بەرجەستەبووە))(آرین پور، ١٣٧٩: ٩٥) هەڵبەت دوای ئەو(دواتر) " میرزادە عشقی" شاعیری قۆناغی مەشروتیەت، بە بەکارهێنانی ناوەرۆکی رۆمانسیزمیانە بەسەر مەشقی یا رابەری ئەدەبیاتی رۆمانسیزمی ئێرانی ئەو قۆناغە دادەنرێت، لە شیعرە رۆمانسییەکانیدا وەسفی سروشت، گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی،.....رەنگی داوەتەوە. دوابەدوای ئەوان" عارف قەزوێنی ١٢٥٨- ١٣١٢" یەکێک بوو لە دیارترین شاعیرانی رۆمانسیزمی ئەوقۆناغە. شاعیرانیش هەوڵیان دا لە رێی گۆڕینی فۆرم و ناوەرۆکی شیعرییەوە دەست پێبکەن((لەگەڵ دەرچوونی گۆڤارەکانی دوای مەشروتیەت، ئەو قاڵبەشیعرییە دەگمەن و کەم رەواجانە بایەخیان زیاتر پێدرا،لە رووی ناوەرۆکیشەوە شیعرەکان تەنها لە ناو بیرەکلاسیکییەکاندا نەمانەوەو نارۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هاتنە ناوەوە))(باڵەکی، ٢٠٠٥، ٢٥) دوای قۆناغی مەشروتیەت، دوو جۆر لە رۆمانسیزم لە شیعری فارسیدا هاتە ئاراوە؛ رۆمانسیزمی کۆمەڵایەتی، کە میراتی قۆناغی مەشروتیەت بوو، رۆمانسیزمی تاکگەرایی، باڵا ورەوشتی، کە پەیوەستە بە رەگەزی خەیاڵ و سروشتەوە، کە نمونەی ئەو جۆرە لە رۆمانسیزم دەتوانرێت لە کارە سەرەتاییەکانی " نیما "، لە ئەفسانەی "نیما"دا ببینرێن کە کاریگەری ئەدەبیاتی فەرەنسی بە تایبەت نووسەران و شاعیرانی وەک" لامارتین ، ........." بەروونی لە شیعرەکانیدا دیارە، دوای " نیما" "شهریار" بە دانەری ئەو جۆرە شیعرەی رۆمانسیزم دێت (( خاکپور، ١٣٨٩: ٢٣٢). دوابەدوای" نیما" " ا.شهریور ١٣٢٠" یەکێکە لە شاعیرانی سروشتگەرا و ناسراو، یەکێکە لە شوێنکەوتووانی ئەفسانەی 'نیما" و شیعرە رۆمانتیکەکانی "شهریار " بوو، کە لە دواتردا لە کارەکانی " گەیلانی و خانلری و .... " رەگی داکوتا. لە هەمان قۆناغدا بە هۆی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و رووداوە مێژووییەکانەوە، رۆمانسیزمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی دیار لە کارەکانی "نادر پور و فروغ و ...." بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. ( هەمان سەرچاوە: ٢٣١-٢٣٢).

لە ئەدەبیاتی کوردیدا کۆتایی سەدەی " نۆزدە" و سەرەتای سەدەی "بیست" بە قۆناغی گۆڕانکاری دادەنرێت و زۆربەی بوارەکانی وەک " رامیاری، کۆمەڵایەتی، جوگرافی، ئابووری، رۆشنبیری، ئەدەبی....."گرتەوە، بەتایبەت دوای جەنگی یەکەمی جیهان کوردستان دابەش بوو بۆ چەند پارچەیەک،ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گۆڕانی رەوتی کۆمەڵ و چەوسانەوەی گەلی کورد لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا، ئەم بارودۆخەش وای کرد، کە هەستی دڵسۆزی و نەتەوایەتی لای دەستە و تاقمێکی رۆشنبیر و نیشتیمان پەروەر بجوڵێت و بزووتنەوەی نیشتیمانی و نەتەوایەتی و رۆشنبیری بێتە کایەوە، کە روبەڕووی داگیرکەران بوەستێتەوە و هەروەها هانی خەڵکیش بدات بۆ هۆشیارکردنەوەی لە رووی نەتەوایەتی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی(( ئەمان هەوڵ و تەقەلای پێکهێنانی نیشتیمانیك بوون بۆ نەتەوەی کورد، کە هەموو مرۆڤانی کوردی تێدا کۆببێتەوە، لەو سەردەمەدا چینی بورجوازی تازە سەرییهەڵدابوو لە کۆمەڵگای کوردیدا شاعیر و رۆشنبیرانی دەیانویست کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی ئەم جیهانە ئازاد و سەربەست بێت))(ئەحمەد، ١٩٨٩، ٥٥). لە لایەکی تر دەرچوون و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە کوردیەکان کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی و گرنگی دانی زیاتر بە ئەدەب و هونەر و پەیدابوونی جۆرە ئەدەبییەکانی تر هەروەك هاتنە ئارای چیرۆك و وتار، لە دیارترین سیماکانی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە بوون ، بەتایبەت کاتێ نووسەران لە رێگای نووسینی چیرۆکەکانیان و هەروەها نووسینی وتارەکانیان هانی نووسەران و رۆشنبیرانیان دەدا بۆ گرنگی دانی زیاتر بە زمانی نەتەوەیی و پاك کردنەوەی زمانی کوری لە وشەی بێگانە( فارسی و عەرەبی و تورکی)((دیارە دەرچوونی چەندین رۆژنامە و گۆڤار لەو سەردەمەدا گرنگی خۆی هەبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ئاگاداربوونیان لە رووداوەکانی ئەو سەردەم و بڵاوکردنەوەی بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرانی کە لە ژیاندا نەمابوون و یا مابوون))(کاک ئەمین، ٢٠٠٨، ٣٣)، سەرەتای نوێگەری لە ئەدەبی کوردیدا بە نوێکردنەوەی ناوەرۆکی شیعر دەستی پێکرد، ئەمەش لە شیعرەکانی "حاجی قادری کۆیی" و چەند شاعیرێکی تری ئەو قۆناغە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، هەروەها لە دواتردا لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهان قۆناغی داهاتنی شیعری تازەی کوردی بوو، کە بە قۆناغی رۆمانسیزمی ناسراوە، لەوێوە فۆرم و ناوەرکی شیعر گۆڕانی بەسەردا هات، شاعیران لە رێی شیعرەکانیانەوە ستایلی تازەی شیعریان هینایە ناو ئەدەبیات و هەروەها ژانرەکانی تری وەک" وتار و چیرۆک و شانۆ...." هاتنە ئارا و دەستیان بەگەشەکردن کرد. " پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح " بەڕابەری رۆمانسیزمی کوردی دادەنرین. لە دواتردا لە ساڵانی "سییەکان"دا رۆمانسیزم گەشەی زیاتری بەخۆوە دیت و بنەماکانی چەسپان لە ئەدەبیاتدا و چەندین شاعیری تر پەیڕەویان لێکرد و بووە رێبازێکی دیاری ئەو قۆناغە، یەکێک لە دیارترین شاعیرانی ئەو قۆناغەش "هێمنی موکریان" ییە، کە لە رێی شیعر و

بەرهەمەکانیەوە تەکانێکی باشی بە ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە دا . هەڵبەت ئەدەبیاتی کوردی لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی و ئەو گۆڕانکاریانەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتبۆوە، کەوتە ژێر کاریگەری نوێکردنەوەی ئەدەبیات، بەتایبەت لە ئەدەبیاتی کوردی شێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شاعیرانی ئەو ناوچەیە هەوڵیان دا هاوشێوەی شاعیرانی ئەدەبیاتی فارسی شێوازی تازە لە دەقەکانیان بەرجەستە بکەن. "هێمنی موکریانی"یش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کاریگەری دیاری هەبوو لەسەر ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە و شاعیرانی دواتر.

**١-٣// کورتەیەک لە ژیانی "هێمنی موکریانی و نادر نادر پور" :**

هێمن ناوی تەواوی "محەمەد ئەمین کوڕی سەید حەسەن شێخەلئیسلامی موکری" یە لە ساڵی "١٩٢١" لە گوندی "لاچین"ی نزیک شاری "مەهاباد" لەدایک بووە، "هێمن" لە بنەماڵە وخێزانێکی دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوو و هۆشیاردا هەڵکەوتووە. ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی و پێگەیشتنی. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی نهێنی" ژ . ک " بۆتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری شاعیر. لە دوای ڕووخانی کۆماری "کۆماری کوردستان" لە سێدارەدانی "قازی محەمەد" و هاوڕێکانی دوور دەخرێتەوە لە زێدی خۆی و ڕوودەکاتە کوردستانی عیراق و بەشیکی ژیانی لە ئاوارەیی و غەریبی بەسەردەبات، هەرچەند ئەو دوورکەوتنەوەیە کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر بە جۆشدانی هەستی کوردایەتی و کانگای شیعرنووسینی. "هێمن " تا کۆتاییەکانی تەمەنی نەگەڕایەوە بۆ ئێران و تا کودەتا ئیسلامییەکەی خومەینی لە کوردستانی عێراق مایەوە و دواتر گەرایەوە و لە شاری ' مەهاباد" نیشتەجێ بوو. لە ساڵی "١٩٨٦" کۆچی دوایی کردوە و هەر لەوێ بەخاک سپێردراوە. بەرهەمەکانی "هێمن" لە بواری شیعر نووسیندا لەگەڵ گەشەسەندنی ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردی دەستیان پێکردووە و لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکیشەوە هەر پەیرەوی ئەو ڕێبازە ئەدەبییەیە، "هێمن" بە زمان پاراوی و جوانی و سەلیقەیی لە دەربڕین و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی بە شیعرەکانی دەناسرێتەوە، هەروەها لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەموو ئەوبابەتانە لە خۆ دەگریت، کە لەشیعری ئەو قۆناغەدا هەبوون، لەوانە؛ کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری، ئازادی و سەربەستی، وەسفی ژن و باسکردنی کێشەکانی ژنان، خۆشەوسیتی، نامۆیی و غەریبی، ئەندێشەی مەرگ و شینی ئازیزان، ... چەندین لایەنی شیعری، کە شوێنێکی بەرچاوی لە ئەدەبی کوردیدا داگیرکردووە(خەزنەدار، ٢٠٠٦، ٤٢٣)

نادر نادر پور لە "١٣٠٨" لە "تاران "لە دایک بووە و لە ساڵی " ١٣٧٨" لە "لۆس ئەنجەلوس" کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لەشاعیرە گەورە و چالاکوانەکان و یەکێکە لە ڕێبەرانی شیعری نوێ لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری فارسی و ئەدەبیاتی ڕۆمانسیزم. وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی جوان، بەکارهێنانی زمانێکی سادە و بەرز تایبەتمەندی شیعری ئەو دەردەخەن،بەرهەمەکانی بریتین لە :چشم ها و دست ها " تهران،١٣٣٣" ، دختر جام "تهران، ١٣٣٤، شعر انگور "تهران، ١٣٣٧" ، سرمه خورشید"تهران، ١٣٣٩" ، گیاه و سنگ نه " مروارید، ١٣٥٦" ، از آسمان تا ریسمان " تهران، ١٣٥٦" ، شام باز پسین " تهران ١٣٥٦" ، صبح دو غين " پاريس، ١٣٥٦" ، زمین و زمان " لس انجلوس، ١٣٥٧" ، خون و خاکستر" لس آنجلس، ١٣٦٧" ، مجموعه اشعار " تهران، ١٣٨٣" . (وفایی، ١٣٨٦، ٢)

لەم توێژینەوەیەدا وەک لە پێشەکیش ئاماژەمان پێکردووە چەند بنەمایەکی ڕۆمانسیزمی لە هەریەک لە شیعرەکانی ئەو شاعیرانە وەردەگرین و نمونەی شیعرەکانیان دەخەینە ڕوو، کە دەریدەخات هەر یەک لەو شاعیرانە چۆن ئەو ناوەڕۆک و بنەمایانە لە شیعرەکانیان دا ڕەنگی داوەتەوە و چۆن ویستوویانە لە ڕێی دەقی شیعرییەوە پەیامی خۆیان بگەیەنن و هەستی خۆیان لە ڕێی کەرەسە زمانییەکانەوە دەربڕن.

**١-٤//چەند بنەمایەکی ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی "هێمنی موکریانی" و "نادری نادر پور"دا :**

کۆتایی سەدەی " نۆزدە " و سەرەتای سەدەی "بیست" بە قۆناغی گۆڕانکاری دادەنرێت لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا، بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشەکان دژی دەسەڵاتی چەقبەستووی ئەو سەردەمە، هەروەها کاریگەری نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەدەبیاتی فەرەنسی و ئینگلیزی، وایکرد ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە لە چوغزی خۆیدا نەمێنێت و گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەرۆکی شیعردا بەدیدەکرا،لە شیعرەکانیاندا بە دوای ئەو جۆرە ناوەرۆکەوە بوون، کە لەگەڵ سروشتی

قۆناغەکە دەهاتەوە، بەتایبەت تێکۆشان لە پێناو ئازادی ،رەشبینی و نائومێدی ، گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، وەسفی سروشت ...ئەم بابەتانەش لە شیعری فارسی و کوردیدا بەرچاودەکەوێت، ئەمەش بەهۆی نزیکی سنوری جوگرافی و ئەو قۆناغە مێژووییەی ئەوکاتە، کە زۆربەی گەلانی رۆژهەڵات لە هەوڵدابوون بۆ رزگاربوون لەدەسەڵاتی رەهای ئەو سەردەمە و بە دەستهێنانی ژیانێکی باشتر و شایستەتر. لە شیعری شاعیرانی فارسیدا، کە "نیما" بەڕابەری ئەو نوێگەرییە دادەنرێت(( نیما بە دیارترین شاعیری رۆمانتیکی دادەنرێت، کە ناوەرکی شیعرەکانی خۆی لە بابەتی ؛ عەشق و خۆشەویستی، سروشت گەرایی، گەرانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، گەڕانەوە بۆ رابردوو، ترس و رەشبینی...دەبینێتەوە))( لنگرودی و مدبری، ١٣٩٠، ٥)هەروەها شاعیرانی دواتر بەردەوامیان بەو بابەتانەدا و رەگ و بنەمای شیعری رۆمانتیکی زیاتر چەسپا، بەتایبەت لە دەیەی "١٣٣٠- ١٣٤٠" لە شیعرەکانی " گڵڵچینی گەیلانی و خانلری" دا. شیعرەکانی "نادر پور" یش درێژە پێدەری ئەو قۆناغە بوون(( نادر پور درێژەپێدەر و تەواوکاری رێبازەکەی گڵجینی گەیلانی و خانلریە، هەرچەند لە قۆناغی دواتردا نادر پور خۆیشی یەکێک بوو لە نووسەر و شاعیرە سەرەکییەکانی رۆمانسیزم )(کدکنی، ١٣٨٠، ٥٩- ٦٠ ).. بەشێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی شیعری رۆمانتیکی لە ئەدەبی فارسیدا خۆی لەم بابەتانەدا دەبینێتەوە( رەشبینی و نائومێدی، نوستالیژیا، سروشتگەرایی و هاودڵی و دواندنی سروشت، گەڕانەوە بۆ رابردوو، سۆزی خۆشەویستی و دڵداری، وەسفی ژن، ئازادی و سەربەستی، رەنج دیدەیی، ئەندێشەی مەرگ و شینی ئازیزان.....). لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، رێبازی رۆمانسیزم لە قۆناغێکدا سەریهەڵدا، کە کوردستان بە بارودۆخێکی مێژووی ئاڵۆزدا تێدەپەڕی و سەردەمی گۆڕانکاری بوو، لە رووی ئەدەبیشەوە قۆناغی گۆڕان و نوێکردنەوەی ئەدەبیات بوو شان بەشانی ئەو بارودۆخەی کوردستانی گرتبۆوە، هەروەها ئەدەبیاتی رۆمانسیزمی کوردی لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی و عەرەبی و فارسیدا بوو، سەرەڕای ئەوەی تایبەتمەندی خۆی پاراستبوو. گۆڕانکاری گەورەش سەرەتا لە رووی ناوەرۆکەوە بوو، دواتر فۆرمی شیعری و ژانرە ئەدەبییەکانی تریشی گرتەوە، هەڵبەت ئەمەش لە شیعری شاعیرەکانی ئەو قۆناغەدا بەدیدەکرێت، بەتایبەت لە شیعرەکانی ( گۆران، پیرەمێرد، قەدری جان، هێمن....). دیارترین ئەو ناوەرۆکانەی شیعری رۆمانسیزمی کوردیش بریتین لە( شیعری نیشتیمان پەروەری، سەربەستی و ئازادی، وەسفی ژن و دەرخستنی کێشەکانی ژنان، وەسفی سروشت، رەشبینی و نائومێدی، گەڕانەوە بۆ رابردوو، غوربەت و نوستالیژیا، شین و لاواندنەوەی ئازیزان....). لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵدەدەین ئەو بنەمایانەی ناوەرۆکی شیعری رۆمانسیزم لە شیعرەکانی " هێمنی موکریانی" و " نادر پور"دا بخەینە بەر باس .

**أ- شیعری نیشتیمانی و هەوڵدان بۆ سەربەستی :**

یەکێک لە بابەت و ناوەرکە دیارەکانی قۆناغی شیعری رۆمانسیزمی کوردی، بابەتی نیشتیمان و دەربڕینی خۆشەویستی و هەوڵدان و تێکۆشانی شاعیران بووە بۆ رزگاربوونی گەلەکەیان لە ژێردەستی رژێمی داگیرکەر یا هەوڵدان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ. هەڵبەت کوردستانی رۆژهەڵاتیش لەو قۆناغەدا لە ژێر دەستی دەسەڵاتی ئێران دا بوو، چەندین کۆمەڵە و بزووتنەوەی کوردی دروست ببوون بۆ داکۆکی کردن و بەرگری کردن لە خواستی کورد و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی(( نووسەر و شاعیرانی کورد هەوڵیان دەدا ئەو رووداوانە بدۆزنەوە، کە نمونەی خەباتی کورد بوون لە پێناوی ئازادی و سەربەستی کوردستان یا ئازایی و قارەمانێتی خەڵکی کورد))( خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٣٣). " هێمنی موکریانی" لەو کاتەدا یەکێک بوو لە کەسە چالاکەکانی ئەو سەردەمە، ئەمەش بەهۆی ئەو بیرە نەتەوەیی و هۆشیارییەی، کە هەر لە منداڵییەوە پێی گۆشکرابوو(( لە سەرەتای چلەکان " کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کورد" و پاشان لە" ١٦، ٨، ١٩٤٢ ""کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" لە مهاباد پێکهات. هێمن لە ریزی یەکەمی ئەندامەکانی ئەو رێکخراوە بوو، ئەنجا لەمەوە بیری ناسیۆنالیستی و رزگاریخوازانەی کوردایەتی لە بیر و مێشکی هێمنی خوێن گەرم و لاودا نەش و نمای کرد))( دەشتی، ٢٠٠٣، ٣٢ ). ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە کاریگەرییان لەسەر بیری کوردایەتی شاعیر هەبووە و لە رێی دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەشەوە شیعرەکانیان بڵاوکردۆتەوە، "هێمن" یەکێکە لە شاعیرەبوێر و بەهەڵوێستەکان و لە دەقەکانیشیدا سۆزی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و قوربانیدان لە پێناویدا رەنگیداوەتەوە، هەروەک لە یەکێک لە شیعرەکانیدا دەڵێت:

**وەتەن گیان سەر و ماڵم فیدای تۆ**
**وەگیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ**

**لە پێناوت دەنێم سـەر تـــا بزانی**
**منم ڕۆڵێکی ئـازا و بە وەفــای تـۆ**
**لە بــۆ پــاراستن و حیفزی سـنورت**
**لە باتی (ماژینۆ) سینگم قەڵای تۆ** (هێمن، ۲۰۰۳، ۲۷۵)

لێرەدا شاعیر بە گیان و بە ماڵ ئامادەیە خۆی فیدای نیشتیمانەکەی بکات و لە پێناویدا بجەنگێت، بە جۆرێک ئامادەیە سنگی خۆی بکاتە قەڵغانی روبەروبوونەوەی داگیرکەران و پاراستنی نیشتیمانەکەی.هەروەها شاعیر لەپاڵ بەرگریکردن لە خاک ونەتەوەکەی، بانگی ئازادی و داوای سەربەستی دەکات بۆ گەلەکەی:

**شیـــوەنی من شیـوەنی ئینسانیـیە**
**بـــانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییـە**
**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**
**ئەو گەلەی حاشادەکەن لێی و هەشە** (هێمن، ۲۰۰۳،۳۱۸ - ۳۱۹ )

شیوەنی شاعیر بۆ ئازادی و سەربەستییە، وەک کەسێکی یەکسانخواز داوای ئازادی دەکات، کە ئەمەش مافێکی رەوای هەموو مرۆڤێکە،هەر بۆیە گەلی کوردیش ئەو مافەی هەیە و شاعیر بانگی یەکسانی و ئازادی دەکات بۆ گەلێکی بەشخوراو و بێبەش لەمافەکانی. نیشتیمان لە شیعرەکانی "نادر پور" ئارامگایە و سەرچاوەی خۆشییەکانییەتی و بە دوور بوون لێی ئارەزووی مەرگ دەکات و هەست نە ماوِیی خۆی دەکات؛ هەروک دەڵێ:

**تنها شدم که هیچ نپرسم نشان کس**
**تنها شدم که هیچ نگیرم سراغ خویش** (نادر پور، ۱۳۸۲، ۱٦٦)

لێرەدا شاعیر هێندە تەنیایە، کە نە ناسینی کەسانی تر و نە خۆیشی بەلاوە گرنگ نەماوە. هەروەها لە شیعری" بر آستان بهاران" دا باس لە هەستی غەریبی خۆی دەکات بۆ "ئێران" بە تێکەڵکردنی هەستی خۆی لەگەڵ سروشت ئەوەی لە ناخیدایەتی بە شێوەیەکی جوان و سرەنج راکێش دەردەبڕێت و دەڵێت:

**من آن درخت زمســتانی، بر آستان بهـــارانـــم**
**که جز به طعنه نمی خندد، شکوفه بر تن عریانم**
**زنوشخند سحر گاهان، خبر چگونه توانم داشت**
**منی کـــە در شب بی پـــایـــان گواه گریه بارانم**

تا دەگاتە ئەوەی بڵێت:

**کجاست باد سحر گاهان، که در صفای پس از باران**
**کند به یاد تو، ای ایران ! به بوی خاک تو مهمانم** ( نادر پور، ۱۳۸۲: ۸٤٤)

شاعیر بەیادی بۆنی خاکی ئێران، کە خاکی دڵنشین و جێ ئومێدی ئەوە، بەیادی ئەو دەمێنێتەوە لە ژیان. " نادر پور" لەو دەقەیدا بە بەکارهێنانی رستەی پرسیاری، بۆ وەسف و ئەرزشمەندی ئێران، زۆر بەخەیاڵ و خولیای دەروونەدا دەڕوات و دەڵێت" بای بەیانیان لە کوێیە؟کە لە خاوێنی پاش باران بارین، یادی تۆ ئەی ئێران میوانیم بکات. هەروەها لە شیعرێکی تریدا ئەوە دەردەخات، کە دابڕان لە نیشتیمان و زێدی خۆت کارەساتێکی ناخۆشە و سەختە دابڕان لێی، کە بۆ هەر شوێنێک بڕۆی سێبەری نیشتیمانەکەت بە دواتەوە.

**ب- وەسفی جوانی ( سروشت، ژن ، هاودڵی لەگەڵ سروشت ) :**

جوانی یەکێکە لەو بابەتانەی لە کۆنەوە سەرنجی بیرمەندان و رۆشنبیرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، هەروەها راکانیشیان لە رووی هزری و فەلسەفی و ئیستاتیکیەوە رێژەیین و گۆڕاون، واتە لە بیرمەندێکەوە بۆ بیرمەندێکی تر تێڕوانینی جیایان هەیە،" کانت" پێی وایە(( لە زەتی جوانی بەستراوە بە خودی سەرنجدەرەوە، نەک بابەت)) (میراودەلی،۱۹۷۹ ، ۲۱). بەم پێیە خوێنەر و سەرنجدەر بەهای خۆیان وەرگرت و بەمەش جوانی بووبە شتێکی رێژەیی، کە لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی تر و لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. وەسفی جوانیش خۆی لە هەموو

ئەو بابەتانەدا دەبینێەوە، کە شاعیر دەیەوێت جوانیەکیان پیشان بدات، هەروەک وەسفی سروشتی نیشتیمان و وەسفی وەرزەکانی ساڵی، سروشتی لادێ ، دیمەنی شاخ و گوند و شار، وەسفی ژن و پیاهەڵدان بە بەژن و باڵای ژندا، هەروەها زۆر جاریش پەنایان بردۆتە بەس سروشت بۆ دواندن و دەردە دڵی کردن لەگەڵیدا، سروشتیان کردوە بە رازگر و هاودەردییان، کە ئەمەش لە بەشێکی شیعری شاعیرانی رۆماسیزمدا بە روونی هەستی پێدەکریت. "هێمن" یەکێکە لەو شاعیرانەی، هەمیشە عاشقی سروشتی کوردستان و دیمەنی دڵگیری نیشتیمانەکەی بووە و لە شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە(( هێمن لە کاتێکدا شاعیرێکی لێهاتوو و بێ وێنە بووە لە هەست و سۆزی ناسکی رۆمانسیزمیدا لە هەمان کاتیشدا وەک فەلەکناسێکی بەتوانای شارەزای گەردوون. وەک مەلەوانێکی بێهاوتا لە قوڵایی دەریادا، وەک دوڕناسێک زیرەکانە پەی بە نهێنییەکان بردووە، توانیویەتی هەموو ئەو شتە شاراوانە بدۆزێتەوە، کە هەست پێکردنیان لە لایەن کەسانی ترەوە ئاسان نییە.))( فەتاح، ٢٠١٣، ٦١)." هێمن" لە شیعرەکانیدا بە بیرێکی تیژ و زمانێکی پاراو وەسفی سروشتی کوردستان دەکات و دیمەنەکانی بە شێوەیەکی سەرنج راکێش دەردەخات؛ لە شیعری "بەهاری کوردستان"دا بەو شێوەیە وەسفی دیمەنی بەهار دەکات و دەڵێت :

**شەماڵ هات بە گاڵە گاڵ**
**هەور بوون گەواڵ گەواڵ**
**بلبل کەوتە ناڵە ناڵ**
**پشکوت گوڵی گەش و ئاڵ**

**بە لەنگێزە، بەباران**
**بە شنە بای بەهاران**
**توانەوە وەک جاران**
**کەوی بەفری نساران** (هێمن، ٢٠٠٣، ١١٦)

لەم شیعرەدا شاعیر وەسفی هاتنی وەرزی بەهار دەکات، کە وێنەیەکی جوان و سەرنج راکێش دەردەخات، بەجۆرێک لە تەواوی شیعرەکەیدا تەواوی وردەکارییەکانی بەهار و جوانیەکانی وەک کەسێکی شارەزا لە رێی بەکارهێنانی کەرەسە زمانییەکان و بە زمانێکی پاراو دەخاتە روو. لە شیعرێکی تردا بەو شێوە وەسفی شەوی لادێی کوردستان دەکات و دەڵێت:

**هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە**
**کە بەو مانگە شەوە جوانە**
**دانیشتووی لە رژد و هەڵدێر**
**پەنجە دەبزێوی لە بلوێر**
**دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی**
**شادی بەکەیفی بێ خەمی** (هێمن ، ٢٠٠٣، ١٠٥)

شاعیر لەم دەقەیدا بە هەستێکی جوانی رۆمانسیانە دیمەنی شەوێکی لادێی کوردستان پیشان دەدات، کە چۆن ئەو شوانە خەریکی بلوێرلێدانە و چ دەنگدانەوەیەکی هەیە لەو سروشتەدا، ئەمەش لێهاتوویی شاعیر دەردەخات لە بەکارهێنانی وشە و هەڵبژاردنیان و دەرخستنی وێنەیەکی جوانی سروشت.

لایەنێکی تری وەسفی جوانی، کە لەشیعری کوردیدا بەرجەستە بووە، وەسفی جوانی ژنە، ژن لە شیعری کوردیدا پێگەیەکی دیاری هەیە، هەر لە کۆنەوە لە شیعر و بەرهەمی شاعیران و نووسەراندا بوونی هەبووە، ئەم رەنگدانەوەیەش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازبوو، لە شیعری کلاسیکیدا زیاتر خۆی لە وەسفی خۆشەویست و دلبەردا دەبینێتەوە، بەڵام لە شیعری نوێدا یا شیعری رۆمانسیزمدا تەنها خۆی لە وەسفی دلبەر و خۆشەویست دا نابینێتەوە، بەڵکو وەسفی ژن بەجۆرێک کراوە، کە تایبەتمەندی کوردبوونی پێوە دیار بێت، هەروەک " هێمن " لە شیعری" جوانی ناسوتێ "دا دەڵێت:

**دیم کچێکی لەباری لادێ یی**

**بــۆ نـوێژ رادەخـــا بــەرەڵبێنـی**
**گوتمر(ئەی نازەنین کە روخسارت**
**هەموو بەهەشتی خـــوا دەهێنی**
**بۆچی پێت وایە ئەو خــودا گەورە**
**هێندە بێ رەحمە تۆش بسوتێنی** (هێمن، ٢٠٠٣، ١٥٦)

لێرەدا شاعیر بە دیتنی کچێکی لادێی، کە خەریکی نوێژکردنەوە، وەسفێکی جوانی کچەکە دەکات، کە کچی کورد چۆن جلێکیان لەبەر کردووە و چۆن لە کاتی ئیشدا بەرهەڵبێنەکانیان راخستوە بۆ نوێژ. لەشیعری" شنگە بێری"دا ئەو وەسفە تەواودەکات و ژنێکی جوانی لادێیمان بۆ دەنەخشێنێت:

**شەنگە بێری ساڵی ساڵان لە کوێستانی، لە نــاو مـەڕی**
**بۆ مەڕ دۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕی**
**لە بەر هاڕەی گۆبەرۆک و گوارە و کرمەک و ژێر چەنە**
**نیوەرۆیــە لــەبـــەر بێرێ کـۆڕی مـــەڕی رادەپـەڕی** (هێمن، ٢٠٠٣، ٢٤٥)

"شەنگە بێری" وەسفێکی جوانی ژنی کوردە، ژنێکی کوێستان، کە خەریکی مەڕ دۆشین و ئیشی دەشتە،لێرەدا هەڵبژاردنی وشەکانیش ئەو وشانەن، کە لەگەڵ ژن بوونیان دەگونجێت،بە جۆرێک ئیستاتیکای دەقەکەی نەخشاندووە.بەشێوەیەکی گشتی وەسفی ژن لە شیعرەکانی " هێمن " دا وەسفێکی جوانی روخساری ژنە بە گشتی، کە لەگەڵ سیمای ژنی کوردا دەگونجێت و شانازییان پێوەدەکات.

لایەنێکی تری شیعرەکانی " هێمن" هاودڵییە لەگەڵ سروشت و دواندن و دەردە دڵێ کردنە، لەگەڵ سروشت. زۆرجار شاعیران بۆ ئەوەی ناخی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە و ئەوەی دەیانەوێت دەریببڕن، لە رێگای  دواندنی سروشتەوە هەستە پەنگخواردووەکانیان دەردەبڕن. " هێمن" لە شیعری" ئەمەکی گوڵان " دا لە رێی گفتووگۆی نێوان" گوڵە مێلاقە و گوڵە وەنەوشە" دا هەستی کوردپەروەرانەی خۆی دەخاتە روو:

**بە وەنەشەی گوت مێلاقە جارێک**
**لە مێژە هەمە لە تۆ پرسیارێک**
**ئەتۆ کە پەلکت وا سور و گەشە**
**دەروونت بۆچی خەڵوزی رەشە** (هێمن، ٢٠٠٣، ٨٨)

لێرەدا شاعیر مەبەستی ئەوەیە گوڵە وەنەوشە ئەگەرچی لە دەرەوە گوڵەکانی سور و گەش و جوانن بەڵام لەناوەوەیدا رەش بووە، ئەم رەشبوونەشی بێ هۆکار نیە و هۆکەشی لە دێڕەکانی دواتردا دەیخاتە روو:

**دەروونم رەشە ، جەرگم سوتاوە**
**وەتـــی کـــوردستان داگیـــرکراوە** (هێمن، ٢٠٠٣، ٨٩)

دەروونی شاعیر وەک ئەو گوڵە وایە، ئەگەرچی لە دەرەوە ئارام دیار بێت، بەڵام هەمیشە خەمی داگیرکردنی کوردستان لە ناخیدا ئازاریدەدات و خەم دەخوات، هەربۆیە لە ڕێی لێکچواندنی ئەو گوڵانە بە خۆی، هەستی دەروونی خۆیمان پیشان دەدات. یەکێکی تر لە نمونەکانی شیعری " هێمن" ئەوەیە، کەلەگەڵ وەرزەکان دەکەوێتە گفتوگۆ و بۆ هەر وەرزێک یا مانگێک، کە دەبنە مایەی خۆشی یا ناخۆشی بۆ گەلی کورد،ئەمەش لە شیعرەکانی (رێبەندان و شاعیر، رەشەمە، بەهاری لادێ ،،،،) رەنگدەداتەوە.

لە شیعرەکانی "نادر پورد" پەیوەندی  شاعیر و سروشت، پەیوەندییەکی روحییە و شاعیر لە رێی  رەگەزەکانی سروشتەوە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت  :

**نیمە شب آنگە کە قرص منحنی ماە**
**از پس دنـــدانـــەهـــای کوە بر أید**
**بانگ خروسان شب ز دهکدەی دور**
**همرە بـــادی بە گوش رهگذر آیـــد**

**نیمه شب آنگه که بر کنارەی چشمه**
**ســایه دواند تمشک و نـاله کند آب**
**نــور بــتابد ز لای بـــرگ درختان**
**در دل امواج آب و چشمەی مهتاب...**
**آه چه شب ها کـــه امتداد نگاهم**
**دایره می زد در آسمان شـبانــگاه**
**عـــاقبت این چشم انتظار کشیده** ( نادر پور، ۱۳۸۲: ۸۹)

شاعیر لەو شیعرەیدا بەناوی" یاد بودها " وەسفێکی راستەقینەی سروشت دەکات و وێنەیەکی واقیعی سروشتمان پیشان دەدات، کە چۆن لە رەنگ و هەستیدا رەنگی داوەتەوە.

هەروەها لە شیعرێکی تریدا هەستی ماندوو و غەمگینی دەروونی خۆی لە گەڵ سروشتدا دەردەخات و دەڵێت :

**تـــو ابری، تــو آن ابر انـدوهگینی**
**که اشکی به روخسارەیی کوه پاشی**
**تـــو خورشید بیمار بیش از غروبی**
**کــه بر خـــاطرم گــارد اندوه پاشی** (نادر پور، ۱۳۸۲: ٤۹۹)

لێرەدا شاعیر هەستی غەریبی و ناخۆشییەکانی بە هەور یا ئاوابوونی خۆر دەچوێنێت، کە وەک بەڵایەک و ناخۆشییەک وایە بۆ ژیانی ئەو. سروشت لای "نادر پور" سەرچاوەی ئیلهام بەخش و ئومێدییەتی، کە ئەمەش یەکێکە لە خاسیەت و تایبەتمەدییە دیارەکانی شیعری رۆمانسیزمی.

**ج- سۆزی دڵداری و خۆشەویستی :**

یەکێک لە دیارترین ناوەرۆک و بابەتەکانی شیعری کوردی، هەر لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ناوەرۆکی دڵداری و خۆشەویستییە. سەرچاوەی ئەو هەست و سۆزەش پەیوەستە بە دەروونی شاعیرەوە بەرامبەر بە رەگەزی بەرامبەر، بەتایبەت سۆز و خۆشەویستی بە رامبەر بەژن، کە دولبەر و خۆشەویستە. شیعری کوردی، کە شیعری لیریکییە و هەستی خودی تێدا زاڵە، شاعیر لە رێی بەرهەمی شیعرییەوە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت بە رامبەر بە خۆشەویستەکەی، لە ئەدەبی ئەوروپیدا هەستی خۆشەویستی و دڵداری لە شیعری رۆمانسیزمییەوە سەرچاوەی گرت و شاعیرانی ئەو قۆناغە لەبەرهەمەکانیاندا خۆشەویستی و دڵداری نێوان رەگەزی نێر و مێیان دەردەخست، هەربۆیە لەو قۆناغەدا ژنان بە جۆرێک هەستیان بە بوونی خۆیان دەکرد لەناو دەقی ئەدەبیدا((لە ئەدەبی رۆمانسیزمیدا ژن هەستی بەبوون و پێگە و دەسەڵاتی خۆی کرد، هەستی کرد بەهرە و چەند سیفاتێکی وای تێدایە، کە ببێت بە دولبەر و خۆشەویست))( هلال، ؟؟؟، ۱۷۱)، ئەگەرچی لە قۆناغەکانی دواتریشدا پێگە و شوێنی ژن لە ناو دەقی ئەدەبیدا زیاتر بوو، هەم وەک خۆشەویست، هەم وەک مرۆڤێک، کە خاوەن ماف و ئەرکە. لە شیعری خۆشەویستی دا شاعیر هەستی قوڵی دەروونی خۆی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا بەرامبەر بە مەعشوقەکەی دەردەبڕیت، کە خۆی دەبینێتەوە لە وەسفکردنی جوانی و ئەو سیفاتە باڵایانەی لە مەعشوقەکەیدا بەدیدەکات. "هێمن" یەکێکە لەو شاعیرە رۆمانسیزمانەی کوردی، کە بەبیری ورد و زمانی پاراوی نمونەی باڵای شیعری خۆشەویستی بۆ تۆمارکردوین((هێمن یەکێکە لەو شاعیرە بە دەسەڵات و بێ هاوتایانەی بەکامێرای هەست و نەستی چاوەکانی زۆربەی شیعرەکانی بە تابلۆی جوانی ئاڵا و واڵای ئافرەتان رازاندۆتەوە.تەنانەت لە باسی خۆشەویست و وەسف و ستایشی عەشق و ئەوینی جوانی ئافرەتدا وەستایەکی بێهاوتا بووە.بۆیە زۆر لەو شیعرانەی، کە بۆ ئافەرتی نووسیوە لە لوتکەدان لە رووی بەرزی و وردی و قوڵی بیر و فراوانی خەیاڵ و ئەندێشە، کاریگەری بەتینی و هەست و سۆز و نەرمونیانی و ناسکی و تەڕ و پاراوی زمانەکەی، بەمەش شێوازێکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتووە، کە خاوەنی خەسڵەت و سیمای تایبەتی خۆیەتی))(فەتاح، ۲۰۱۳، ۷۸). " هێمن' شاعیری جوانی و دڵدارپەرستییە، هەروەک لە شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە و لە شیعری" ماچی شیرین "دا بەو جۆرە هەستی خۆی دەردەبڕێت:

**بەمنداڵی لـه لێوی ئـــاڵی تـۆم ئەستاندووە ماچێ**
**بە پیریش لـەززەتی ئـەو مــاچەم لە دڵ دەرناچێ**

**بەسەد دکتۆر و دەرمـــان و پەرستار نـاکرێ چارەی**

**کەسێک تیری مژۆڵی ئەو کچە کوردەی لەدڵ راچێ** (هێمن، ٢٠٠٣، ٣٠٤)

شاعیر لەو دەقەدا سۆزێکی راستەقینەی خۆشەویستی دەردەبڕێت، کاتێک بە راستی دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچە کوردێک. هەروەها لە شیعری" جوانی بەس نی یە" دا دەڵێت :

**جوان پەرستم، جوان پەرستم**

**بــە دیـــداری جوانان مەستم**

**کــە دەبینم کـیژی تـەڕپـۆش**

**گشت خــەمێ دەکـــەم فەرامۆش** (هێمن، ٢٠٠٣، ١٥٧)

لێرەدا شاعیری جوانی و جوان پەرستییە، شاعیر کاتێ کچیکی جوان دەبینێ گشت خەمەکانی لەبیردەکات، ئەمەش ئەو پەڕی دیمەنی جوانیناسانەی " هێمن" دەردەخات بەارمبەر بە شۆخ و شەنگی کچی کورد.

لە کۆتایی دەیەی بیست و سەرەتای دەیەی سی و لە دوای کودەتاکەی" ١٣٣٢" شیعری فارسی کەوتە قۆناغێکی نوێوە، ئەو نوێبوونەوەیەش هزری نوێ و بابەتی نوێی هێنایە کایەوە، یەکێک لە دیارترین ئەو بابەتانەش سەرهەڵدانی شیعری رۆمانسیزمی عاشقانە و شیعری تاکگەرایی" دەربڕینی هەستە خودییەکان" بوو، کە زۆر جار بە "شعر شهوانى" یا " هوس نامه سدايى" ناسرابوو، ئەمەش بەشێکی بۆ بارودۆخی ئەوسای نووسەران دەگەڕێتەوە، کە بێزاربوون لە دۆخە سیاسییەکەی ئەو قۆناغە و بێ ئومێد ببون لە گۆڕانکاری، دەرەئەنجامی ئەوەش پەنایان بۆ شیعری نوێ و ناوەرۆکی نوێ بردبوو، کە خۆیان دەرباز بکەن لەو دۆخە دەروونییەیان( حسين شكى،١٣٨٥: ٧٣). لە شیعرەکانی " نادر پور"یشدا هەستی راستەقیەنی دڵداری و خۆشەویستی بەدیدەکرێت، سەرچاوەی جوان بینی و دەبڕی هەستەکانییەتی، لە شیعری "چشم بخت" دا دەڵێت:

**بى تو ، بى تو اى كه در دل منى هنوز**

**داســتان عشق من بــه مـــاجرا كشيد**

**بى تو لحظەها گذشت و روزها گذشت**

**بى تــو كار خندەها بــه گريەها كشيد** (نادر پور، ١٣٨٢: ١٠٠)

شاعیر بەنەبوونی یار و خۆشەویستەکەی داستانی عەشقی ئەو بە کۆتایی گەیشتووە و پێکەنین و خۆشییەکانی بە گریان گۆڕاوە و رۆژ و ساتەکان تێدەپەڕن بێ ئەوەی هەستی خۆشی پێ ببەخشن. هەروەها لە وەسفی یار و خۆشەویستەکەیدا بەو جۆرە پێیدا هەڵدەڵێت:

**لبهات به رنگ زنده آتش**

**بازوت به رنگ تفته مس ها** ( نادر پور، ١٣٨٢: ؟)

لێرەدا شاعیر ئەندامەکانی خۆشەویستەکەی وەسف دەکات، کە چۆن لێوەکانی وەک ئاگر سوتێنەرە و داخ دەکات بە دڵی مەعشوقەکەیدا، هەروەها بازوی بەهێز و پتەوی وەک مس زوو گەرم دادێت و گەرمی خۆشەویستی بە مەعشوق دەبەخشیت.شیعری رۆمانسیزمی عاشقانە بە شێکی سەرەکی لە شیعرەکانی "نادر پور" پێکدەهێنێت و شاعیر دابڕانی لە مەعشوق و وێنەی جوانی ژن سەرنجی راکێشاوە و کەمەندکێشی کردووە بۆ هۆنینەوەی دەقی هونەری بەرز، کە سەرئەنجام لێهاتوویی و شارەزایی شاعیر دەردەخەن .

**د- غوربەت نامۆیی و گەڕانەوە بۆ رابردوو :**

غوربەت یەکێکە لەو چەمکانەی،لە شیعری ئەو شاعیرانەدا دەردەکەوێت، کە هەستی غوربەت و دوور وڵاتی یا دووری لە ئازیزان و خۆشەویستانیان چێشتووە.دوور کەوتنەوە لە کەسوکار و زێد و نیشتیمان هەستی غوربەت لای شاعیر دەجوڵێنێت و دەیەوێت لە رێی دەقەکانیەوە خوێنەر یا دەوروبەر بەهەستەکانی ئاشنا بکات. ئەمەش لە شیعری قۆناغی نوێدا زیاتر بەدیدەکرێت و وەک یەکێک لە سیماکانی شیعری نوێ دادەنرێت. هەریەک لە "هێمن و نادر پور" لە ژیانیاندا تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بوون،ئەم ئاوارەیی و دوور لە وڵاتییە وایکردووە لە شیعرەکانیاندا رەنگبداتەوە. " هێمن" لە دوای روخانی "کۆماری کوردستان" ئاوارەی عێراق دەبێت و لە کوردستانی باشور دەمێنێتەوە(( لە ساڵی ١٩٤٧ بەهاری لێدەبێتە خەزان و کۆشکی هیوا و ئاواتەکانی

دەروخێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ و پەڕیوەی ئەودیو سنور دەبێت، لەو ساوە بۆ یەکەمجار و بەیەکجاری ژیان و تەمەنی دەبێتە ئاوارە بوونێکی بەردەوام، ئەو بولبولە سەرمەستەی کە بەستەی شادمانی بۆ ژیانی گەل و کۆمارو پێشەواکەی دەچڕی، لە ترس و لە حەژمەتان هەڵەتە دەبێ و دەبێتە بولبولی ئاوارەلە غەریبی دەگیرسێتەوە))(دەشتی، ٢٠٠٣، ١٠٧)، هەر بۆیە هەستی غەریبایەتی و دووری لە ئازیزان تووشی بێ ئومێدی و دڵتەنگییەکی زۆری دەکات و لە شیعری "ئێوارەی پایز"دا دەڵێت؛

**ئـاخ دیسان روپـەڕێـک دڕا**

**لە رۆژ ئـەژمێری تــەمەنم**

**ئـاخ دیسان شەو داهاتەوە**

**من هــەروا دووره وەتــەنم**

**ئـاخ دیسان چوومە ژێر باڵی**

**رەشــی شــەوگـاری تەنیایی**

**ئـــاخ دەبێ دیسـان بچێژم**

**ژەهـراوی تــاڵاوی جودایی** (هێمن، ٢٠٠٣، ٩٣)

لێرەدا شاعیر لەو پەڕی دڵتەنگی و هەستکردن بە تەنیاییدایە،بەجۆرێک وەک ئەوەی هەموو تەمەنی لە تەنیاییدا بەسەر بەرێت.دڵتەنگی و دووری لە ئازیزانی خەمێکی قوڵی بە شاعیر بەخشیوە، بەشێوەیەک خۆی لەگەڵ بولبولی ناو قەفەس بەراوردەکات، کە چۆن ئەویش ئازادی لێ زەوت کراوە و دوور خراوتەوە لە زێدی خۆی، هەروەک لە شیعری" با بردەڵە" دەڵێت :

**منیش ئــەی بولبولی بــەندی وەک تۆم**

**وەهــا دوورم لــە هێلانــە و گــوڵی خۆم**

**منیش وەک تــۆ لە کیسم چوو گوڵی سور**

**منیش هێـلانـــەکەم لێ کراوە خــاپــوور** (هێمن، ٢٠٠٣، ١٠٠)

زۆر جار، کە باسی ئازادی و سەربەستی دەکرێت، نمونە بە بولبولی ناو قەفەس دەهێنرێتەوە، بۆ پیشاندانی ئەو ئازار و نارەحەتییەی تووشی دەبێت، کەلەلایەن مرۆڤەوە تووشی دەبێت، هەربۆیە شاعیرێش ئەو حاڵەت و بارودۆخەی خۆی و گەلەکەی بەراورد دەکات بە ژیانی ئەو بولبولەی بەند دەکرێت و لە ئازادییەکانی بێبەش دەکرێت.ئەو دووری و دابڕان و نائومێدییەی تووشی شاعیر بووە، ناوەرۆکێکی تری بە شیعرییەکانی بەخشیوە، شاعیر لە رێی دەقەکانییەوە ئاوات بۆ ژیانی رابردوویی و حەسرەت بۆ خۆشییەکانی پێشوی دەخوات و لە شیعری" ئامێزی ژن" دەڵێت :

**جـاران پـەنــاگەی شــەوانم**

**ئــامێزی ئــاوەڵای ژن بــوو**

**گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە**

**مایەی حەسانەوەی من بوو**

**دەردی ژیان، رەنجی خەبات**

**ماندوو بوونی رۆژی ناخۆش**

**بـە شەو لە ئــامێزی ئــەودا**

**هەمووم دەکردن فەرامۆش** (هێمن، ٢٠٠٣، ٨٢)

لێرەدا شاعیر حەسرەت بۆ ئەو رۆژانە دەخوازیت، کە لە باوەشی ژنەکەیدا بووە و دوای هەموو ماندوو بوونێک و خەفەتێک، ئارامی پێدەبەخشی.ئەم هەستەشی دەرئەنجامی ئەو دووری و دابڕانەیە، کە شاعیر بە هۆی ئاوارەییەوە تێی کەوتووە.

لە شیعرەکانی "نادر نادر پور"دا زیاتر غەریبی رۆژانی رابردووی ئێران دەکات، داخ بۆ رۆژانی رابردوو پڕ شکۆی میللەتەکەی دەخوازێت، هەروەک لە شیعری ( ......) دا دەڵێت :

**ای معنی غرور**

**ای نقطة طلوع و غروب حماسه ها**
**ای کوه پر شکوه اساطیر باستان:**
**ای خانه قباد،**
**ای آشیان سنگی سیمرغ سرنوشت**
**ای سرزمین کودکی زال پهلوان!**
**ای قلة شگرف،**
**ای گور بی نیشانة جمشید تیره روز،**
**ای صخرة عقوبت ضحاک تیره جان!** (نادر نادر پور، ١٣٨٢، ٩١٤)

لێرەدا بە کۆمەڵێک سیفاتی جوان و باش بانگی وڵاتەکەی دەکات، کە ڕۆژانێک وڵاتی پاڵەوانان بووە، وڵاتێک جێگای ئەفسانە و ئوستورە بەناوبانگەکان بووە. واتە جۆریک لە غرور دەیگرێت، کاتێک باشی و بەزرییەکانی وڵاتەکەی دێتەوە خەیاڵ و لە هزریدا چرۆی خۆشی دەردەکات. هەروەها لە شیعری" از اهرمن تا تهتمن خود را" بەو شێوەیە هەستی تەنهایی و نامۆبوون و چارە رەشی خۆی دەردەخات، کە دەڵێت:

**من امروز ، کاووس شوریده بختم**
**کــه گم کرده امر راه مـازندران را** ( نادر نادر پور، ١٣٨٢، ٨٨٩)

شاعیر خۆی وەک "کاوس شا" ی بێ بەخت و چارەڕەش دەبینێتەوە، کە ڕێگای مازندەرانی ون کردووە، هەم ناگاتەوە بە وڵاتەکەی و هەمیش لە دووری وڵاتەکەی هەندەی تر هەست نائارامی دەکات، کە بێبەش بووە لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی .

گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و هەست کردن بە خۆشییەکانی رابردوو یەکێکی ترە لە بنەماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی و لە شیعرەکانی"نادر پور"یشدا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەک لە شیعری" ملال تلخ" دا دەڵێت:

**در آن دو اشک که بر دامنم چکید و گذشت**
**نگـاه کردم و دیــدم غم گــذشته خویش**
**بــه یک نــگاه در آن قـطرەها رو ان دیدم**
**بـــه یـاد آن همه شبها و روزها که گریخت**
**مرا بـــه دفتر دل ، نـقش یـــادگاری ماند**
**امید گمشده چـــون کـاروان رسید و گذشت** (نادر نادرپور، ١٣٨٢، ١٣٥- ١٣٦)

شاعیر بە یادگارییەکانیدا دەچێتەوە و ئەو ڕۆژانەی دێتەوە یاد، کە چۆن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا ماون و لەبیری نەکردوون، بیری ڕۆژانی گەنجی و پڕ خۆشی دەکات و بەدڵ یادیان دەکاتەوە. بەم شێوەیە شاعیر بیری ڕۆژانی گەنجی و ڕۆژانی خۆشی دەکاتەوە، کە چۆن خێرا تێپەڕین و کاروانی ژیانیش هەر بەردەوامە.

**هـ- رەش بینی و نائومێدی :**

یەکێک لە تایبەتمەندی و بنەماکانی شیعری ڕۆمانسیزمی نائومێدی و رەشبینی شاعیرە بەرامبەر بەو ژیانەی تێیدایەتی، بەتایبەت لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی ئەوروپیدا، ئەمەش بە هۆی خراپی بارودۆخی مێژوویی و ئابووری و ڕۆشنبیری ئەو قۆناغەی ئەدەبیاتی ڕۆمانسیزم تێیدا هاتە ئاراوە. شاعیران لە ڕێی دەقەکانیانەوە ئەو نائومێدی و ڕەشبینییەی تووشی بوون دەیان خستە ڕوو، بۆ ئەوەی بتوانن دەروونیان خاڵی بکەنەوە لەوەی لە ناخیاندا پەنگی خواردۆتەوە. لە ڕۆمانسیزمی کوردی و فارسیشدا هەمان ئەو هەستی ڕەشبینی و نائومێدی و بێزارییە لە ژیان بەدی دەکرێت، بە چەشنێک بارودۆخی مێژوویی و ئابووری و سیاسی .....ئەو سەردەمە بۆ جۆرێک کاریگەری هەبوو لەسەر ژیانی هاوڵاتیان و نووسەران و ڕۆشنبیران، کە زۆر جار ئاوات بەمەرگ بخوازن و تووشی بێدەسەڵاتی ببن بەرامبەر چارەسەر بوونی ئەو دۆخەی تێیدا ژیاون.((شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردی لەسەرەتاوە، هەروەک هەموو شاعیرانی ڕۆمانتیکی زۆرجار ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بە شێوەی ڕەشبینی و نائومێدی و دوو دڵی لە ژیاندا دەربڕیوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کورد))( ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٣٩). "هێمن" یەکێکە لەو شاعیرانەی بەهۆی ئەوەی لەناو خێزانێکی دیار و دواتر لە بزوتنەوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی بەشداری کردووە، بێگومان وەک کوردێکی ڕۆشنبیر ئاگاداری

بارودۆخەکە بووە و لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەی بووە، ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتەکەیدا هاتووە توشی بێئومێدی و رەشبینی کردووە، هەروەک خۆی " لە کوێ وە بۆ کوێ"باس لەوەدەکات و دەڵێت((ساڵی ١٣٣٨ ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی من دا.لەو ساڵەدا سازمانی ئەمنیەت گەورەترین زەبری لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد وەشاند، کە بێگومان لەو سەردەمی دا دەکرا بە بەهێزترین رێکخراوی سیاسی رێک و پێکی ئێرانی بزانی. منیش لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی روحی هاتم. ناهومێدیەکی رەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو نائومێدییە زۆر جار تاحاڵەتی خۆکوشتن پاڵی پێوەنام.))(هێمن، ٢٠٠٣، ٧٠). شاعیر لە شیعری" فرمێسکی گەش"دا بەوچەشنە نائومێدی و نائارامی دەروونی خۆی دەردەبڕیت و دەڵێت:

**قـەت لـە دنیادا نـــەبوو بێجگە لـە نـــاخۆشی بـــەشم**
**مــــات و دامـــاو و پـــەشـێو و بێـکەس و چـــارەرەشم**
**ســـەردەمێک ئـــاوارە بـــووم و مـــاوەیـەکیش دەس بەسەر**
**نەم دی رووی ئاسودەیی، هەر تووشی گیرۆدەیی و قەرقەشم** (هێمن، ٢٠٠٣، ٢٦٧)

شاعیر وەکو کوردێکی بی پەناهەندە و بێ پشتیوان ژیانی لە ئاوارەیی یا دەست بەسەریدا بردۆتە سەر و ئاوێنەی ژیانی ناهەمواری خۆی دەردەخات. هەروەها شاعیر لە شیعری" با بردەڵە" دا دەڵیت :

**لە بــەر ئـــازاری ژینی نـــالەبـــاری**
**دەنـــــاڵێ بولبولی شــەیدا بە زاری**
**بە سۆز و داخەوە دەیگوت فەقیرم**
**پەڕ و پۆم هەڵوەری بێ وادە پیرم**
**مـــەلێکی فێری دارستان و لێڕ بــێ**
**قەفەس پیری دەکا با شووی لە زێڕ بێ** (هێمن،٢٠٠٣، ٩٩)

لێرەدا شاعیر ژیانی پڕ مەینەت و ئازار و غەریبی و ئاوارەیی خۆی دەردەخات، کە چۆن بەهۆی داگیرکاری و نەبوونی ئازادییەوە کەوتۆتە ژیانێکی سەختەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر جێهێشتووە و تووشی دەرد و خەم و مەینەتی کردووە، ئەم هەستەش لە بەشیکی تری شیعرەکانیشیدا دەردەکەوێت و پانتایی دیوانەکەی داگیرکردووە.

لە شیعری فارسیشدا جۆرێک لە رەشبینی یا ترس و نائومێدی بەدیدەکرێت، بەتایبەت لە شاعیرانی سەرەتای قۆناغی رۆمانسیزم، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی قۆناغی دوای مەشروتیەت، کە شاعیران لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و هەروەها بارودۆخی ئەو سای ئێران لە شیعرەکانیان دا ترس و دڵەڕاوکێ ی بەدینەهاتنی ئاوات و ئامانجەکانیان بەتایبەت گۆڕانی بارودۆخیان بۆ دۆخێکی باشتر و ژیانێکی شایستەتر. لە شیعرەکانی " نادر پور"یشدا ئەو جۆرە لە ترس و نائومێدیە بەدی دەکرێت بەتایبەت لە شیعرەکانی وەک؛" شهرهای دیو، شهابی در تاریکی، نیمەی از نامە...." هەروەک لە یەکێک لە شیعرەکانیدا دەڵێت :

**در پنجەهای وحشی او ماندم از خروش**
**فریــاد مــن ز وحشت او در گلو نشست**
**چشم ستاره ای بدرخشید و ، نور ماه**
**چون تیر، در سیاهی چشم فرو نشست**
**نالیدم از هراس و در آفاق بی فتا**
**گم شد صدای زیر و بم نالەهای من** (نادر نادر پور، ١٣٨٢، ١٢٤- ١٢٥)

لێرەدا شاعیر ترسی لە دەست چوون و ونبوونی خۆی هەیە، کەلە نێوان پەنجەکانی ئەودا وەک ئەوەی لە دەست درندەیەکدا بێت بێ بەزەیی و بێ رەحم، ترس و هاوارەکانیشی تاوێک بەرز و تاوێک نزم وەک ئەوەی ترسی لەمردن و لەو ژیانە هەبێت، کە بێ بەزەییانە لەگەڵی دەخولێتەوە.هەروەک لە دێڕی کۆتاییدا دەڵێت ناڵاندم لە ئاسۆیەکی بێ روناکیدا، کە هەندێک جار ناڵەم بڵند دەبوو، هەندێک جاریش بزردەبوون، لێرەدا هەستی دەروونی نائارام و بێئومێدی خۆی بەرامبەر بەژیان پیشاندەدات. لە شیعرێکی تریدا بەناوی" از ریسمان تا آسمان" دا بەو جۆرە نا ئومێدی و رەشبینی خۆی دەگەیەنێت :

**درخت معجزه خشکیده است**
**کیمیای زمان، آتش نبوت را**
**بدل به خون و طلا کردەست**
**و رنگ خون و طلا، بوی کشتزاران را**
**زیاد بدبده های ترانەخو ان بردەست**
**و آفتاب، مسیحای روشنای نیست**
**و ابر ها همه آبستن زمستانند**
**و جوی ها همه در مسیر بی تفاوت خویش**
**به رودخانه بی آفتاب می ریزند**
**و کوچه ها همه در رفتن مد اومشان**
**به نا امیدی بن بست یقین دارند** (نادر نادر پور، ١٣٨٢، ٤٩٩ – ٥٠٠)

لێرەدا شاعیر پێی وایە ئەو درەختەی وەک موعجیزە وایە وشک بووە و چیتر هیوای بەژیان نەماوە، کە بەرەو باش بوون بڕوات، پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت)و (حەزرەتی مەسیح)یش نائارامن و بێ هیوا بوون لەو بارودۆخەی، کە هاتۆتە پێش و رەنگی زێڕی کردۆتە خوێن، بە واتایەکی تر ژیانی مرۆڤ بە خوێن دەرودراوە و ئارامی و ئومێد بوونی نەماوە. بەو شێوەیە شاعیر هەستی دەروونی خۆی لەو پەڕی بێئومێدیدا دەردەخات، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی هەیە بەو ژیانەی، کە شاعیر ئاواتی ژیانێکی باشتر بۆخۆی و دەوروبەری دەخوازێت. ئەگەرچی تاراددەیەک لە 'هێمنی موکریانی" جیاوزە چونکە نائومێدی و رەشبینی ئەو لە خەمی قوڵی گەلەکەیەوە سەرچاوە دەگریت و خەمی سەربەخۆیی و ئازادی گەلەکەیەتی.

**ئەنجام**

- کاتێک هزری تازە و بابەتی تازە دێنە ئاراوە، راستەوخۆ قاڵبی تازە و سیمای تازە و گونجاو لەگەڵ ئەو بابەتانە سەرهەڵدەدەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لە ئەدەبیاتدا.
- شیعری کوردی و فارسی بەهۆی بارودۆخی و سیاسی و ئابووری و جوگرافی لێک نزیکن لەرووی سەرهەڵدانی رێبازە ئەدەبیەکان و شیعری کوردی لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەدەبیاتی تورکی و عەرەبی و فارسیدا بووە، بەڵام سیمای نەتەوەیی خۆی پاراستووە.
- "هێمنی موکریانی" بەزمانێکی ئەدەبی سادە و ئەندێشەی داهێنەرانە هەستی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری و عاشقانەی دەربڕیوە، هەروەها سروشت و ژن سەرچاوەی ئیلهامی داهێنەرانە و خەیاڵ فراوانی شاعیرن، نائومێدی و رەشبینی و غوربەت و دوور وڵاتی هەستی دەروونی شاعیر دەردەخەن .
- نادر پور رابەری نوێکردنەوە و درێژەپێدەری رۆمانسیزمی فارسییە. بە زمانێکی ئەدەبی بەرز هەست و ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆی دەربڕیووە، بە بیری نوێ و پاشخانە رۆشنبیرییەکەی کاریگەری هەبوو لەسەر نووسەران و شاعیرانی قۆناغەکەی خۆی.
- غوربەت و ئاوارەیی ، بارودۆخی سیاسی، هەستی قوڵی دڵداری و خۆشەویستی، ئەندێشەی داهێنەرانە، بێ ئومێدی و رەشبینی ، سروشت و سروشت گەرایی، ...خاڵی هاوبەشی نێوان "هێمنی موکریانی و نادر نادرپور "ن . هەردووک شاعیر بە پێی تایبەتمەندی ئەدەبی قۆناغ و نەتەوەکەی خۆیان پەیام و هەستی دەروونی خۆیان دەربڕیوە.
- لە شیعرەکانی" هێمنی موکریانی " دا رەخنە لە دەسەڵاتی ئێرانی دەگیرێت و وەک داگیرکەری خاک ونیشتیمان و هەوڵی رزگاربوون و ئازادی و سەربەستی دەدات. بەڵام لە شیعرەکانی "نادر پور"دا کاتێک رەخنە لە دەسەڵاتی ئێران دەگرێت، رەخنەکەی بۆ باشتر بەڕیوەبردنی وڵات و پێشکەوتنییەتی، نشتیمانی "نادر پور" داگیر نەکراوە بەڵکو چاوەڕێی نیشتیمانێکی خۆش و ئاسودە دەکەن، کە بتوانن بە ئازادی بگەڕینەوە بۆ زێدی خۆیان.

**سەرچاوەکان//**

کتێب// کوردی :
١-ئەڤین ئاسۆس حەمە، دڵدار لەکایەی ڕێبازە ئەدەبییەکان، کۆنفراسی دڵدار، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٨.
٢-ئیدریس عەبدوڵا، قۆناغی پێش شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣-حوسێن غازی کاکە مین، نوێکردنەوەی شیعری کوردی ساڵی ١٩٣٢-١٩٤٢ لە کوردستانی عێراقدا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر. ٢٠٠٨.
٤- خورشید رشید احمد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا ، مطبعە جاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.
٥-رزگار عمر فەتاح، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوری دا، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر،٢٠١٣.
٦- عبدالقادر حمە امین محمد، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەروپی – کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.
٧- عوسمان دەشتی، هێمن دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی ، چاپخانەی ئۆفیسی تیشک، هەولێر،٢٠٠٣.
٨-کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی وهونەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، ١٩٧٩.
٩- فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٠- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٦، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٦.
١٠-هیمداد حسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ١، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،٢٠٠٧.
١١- هێمن ، دیوانی شیعری، هەولێر، ٢٠٠٣.
١٢- یادگار ڕەسول باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی،چاپخانەی سیرێز،دهۆک، ٢٠٠٥.
عەرەبی //
١٣- محمد غنیمی هلال، الرومانتیکیە، مطبعە النهضە میسر، القاهرە،...؟ .
١٤- نبیل راغب، المذاهب الادبیە، قاهرە، ١٩٧٧.
فارسی //
١٥- رضا سید حسینی، مکتب های ادبی، تهران، ١٣٨٩.
١٦- شفیعی کدکنی، ادوار شعر فارسی، تهران، ١٣٨٠.
١٧- نادر نادر پور، مجموعە اشعار، ج٢،انتشارات نگاە، تهران،١٣٨٢.
١٨- یحی ارین پور، از صبا تا نیما، چ ٧، تهران، ١٣٧٩.
گۆڤار // فارسی:
١٩- حسین شکی، تغزل و عاشقانە سدای در آثار نادر نادر پور، مانگنامە حافظ، شمارە ٣٣، ١٣٨٥ .
٢٠- ممد خاکپور،رمانتیسم، مضامین آن در شعر معاصر ایران، فصلنامە علمی و پژوهشی کاوش نامە، شمارە ٢١، ١٣٨٩.
٢١- عبدالعلی آل بویەی لنگرودی، فریاب مدبری، بررسی تطبیقی رمانتیسم در اشعار نادر نادرپور و ابوالقاسم شابی، فصلنامەی لسان مبین(پژوهشی ادب عربی)سال دوم، دورەی جدید، شمارە سوم، ١٣٩٠.

## الملخص

**انعكاس الرومانسيزم في شعر (هيمن موكرياني) و( نادر پور):**

**المذهب الرمانسيزمي هو مذهب أدبي وفني ، الذي نشأ في أوربا بين القرنين الثامن عشر والتاسع عشر . فالرومانسيزم مذهب فكري جديد لجيل جديد. الذي فيه انضمت نظرات الشعر اشكالا و رسائل جديدة. بنوع يعرف ويلون سما عصره وأمته ، وأنه مر تأثيره بحدود الدول و أدب الكردي والفارسي. واتبعوه الكاتبون حسب خصوصيتهم وصنعوا فيه آدابا رائعة وعظيمة.**

**وأن ( هيمن موكرياني ونادر پور) كانوا أحد الشعراء المشهورين في مرحلتهم ، الذي ظهر في نصوصهما وأشعرهما سما الشعر الرومانسيزمي وكتبوا نصوصا كثيرة بأفكارهم العميقة وأسسوا الرومانسيزمي الكردي والفارسي .وفي هذا البحث نسهم أسياسيات الشعر الرمانسيزمي في أشعارهما ونحدد الفرق بين شعرهما لنأشر ونعرض التشابه والفرق خلال نصوصهما.**

**وفي نهاية البحث عرضت نتائج و قوائم المصادر.**

**ألفاظ الرئيسي: هيمن ، نادر پور ، الرومانتيكية .**

**The Enlightenment Of Romanticism In (Hemn Mukryani and Nadr Pur)'s Poems**

## Abstract

### The enlightenment of Romanticism in (Hemn Mukryani and Nadr Pur)'s Poems.

Romanticism is an artistic, literary movement that originated in Europe toward the end of the 18th century, Romanticism was a new ideology for a new generation in which the Poem dimensions got new forms and messages in a way that its time and national identity was enlightened. The impact of this movement crossed the borders of countries and was enlightened in Kurdish and Persian literature. Writers followed Romanticism according to their literary characteristics and specifications and created very precious pieces of literature. (Hemn Mukryani and Nadir Pur) are one of the most famous Poets of their time in which romantic poetry features can be found in their scripts, they have written so many scripts with their imagination and feelings and established the base of Kurdish and Persian Romantic Poetry. In this research paper, according to (Objectivist movement), we will highlight the bases of the Romantic Poems in both of (Hemn and Nadir) and show the comparison between their poems so that we could retrieve the similarities and differences via their scripts.

In the end of the research paper some results and the bibliography are shown.

Keywords: Hemn, Ndr pur, Romanticism.